# کوردستانێکی سەیرە گوڵم..؟

ئەڵقەی سێهەم

**مستەفای حەسەنە گەورە**
msto123@hotmail.com

1

تەوەرەی ئەم باسەمان چەند هەواڵێک لە خۆی ئەگرێ، کە سەد دەر سەد وەک چۆن ڕویانداوە بۆتانی ئەگێڕمەوە.

لەساڵی1991 کاتێ ڕاپەڕینی جەماوەری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان سەرتاپای کوردستانی گرتەوە بە کەرکوکی بابە گوڕ گوڕیشەوە، تەنیا سەربازگەی خالید مابوو بە تەواوی پاک بکرێتەوە لە پاشماوەی بەعسیەکان، سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەسەردانێکی بۆ ناوچەی بیتوێن یەکەم ماڵێک کەسەری پێداکرد، ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتە بوو، ئەنوەری بەگی کۆنە جاش وکۆنە موستەشارو کۆنە پێشمەرگە شەهید کەرو کۆنە سوتێنەری کوێخا ڕەسوڵ* وکۆنەو.. کۆنەو.. کۆنە، کۆنە هەموو شتێ و، تازە هەڤاڵی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان. جاکێ ئەلێ لەمێژەوە دۆستایەتیان نەبووە. ئەو گوڵی خۆی کرد باشترین و کۆنترێن و بە نفوزترین سەرۆک جاشی بۆ خۆی گڕدا، هەڵەبەتە بۆ کەس جێگای سەر سوڕمان نەبوو، سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەگەڵ عەباسی بایزی باڵوو بۆ سەر پەرشتی ڕاپەڕین بەیەکەوە بە یەک سەیارە داخلی کورستان بوو بن عەباس بایز ووتەنی، هەردەبێ یەکەم مەنزڵی ماڵی ئەنوەر بەگ بێت. تێبینیەکی بچووک هەر چەند لە باسەکەم دەرئەچم ، بەلام پێم خۆشە یەک شت بیر خوێنەران بهێنمەوە کاتێ ئەنوەر بەگ ، یەکیەتی لە گوناهی خۆش ببێ،، لە کەرکوک ماڵئاویی لە دەسەلاتی کوردی کرد ، ژمارەی ئۆتۆمۆبیلی وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم کە لەدوای تەرمەکەی ئەڕۆیشتن، زۆر لە خزم و کەس و کارو کۆنە جاشەکانی هاو سەنگەری زیاتر بوو. ....؟ جگە لەوەی لەماوەی سێ ڕۆژ تەعزیەکەیدا هەر بەسوکە نیگایەک دەیان وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی پایە بەرزی حزبیت ئەپێچایەوە، خوا بم گرێ ئەگەر نەک هەر ووشەیەک بەڵکو پیتێکیشم زیاد ووتبێ بەڵکوو زۆر شتیشم بیر نەماوە.

---

*کوێخا ڕەسوڵ، باوکی ڕەشۆ پێشمەرگەی یەکیەتی بوو ، گوایە ڕەشۆ لە چالاکیەکی لوغمێکی بۆ ئەنوەر بەگ داناوە بەلام بە کوڕێکی ئەنوەر بەگدا تەقیوەتەوەو گیانی لەدەست داوە، ئەنوەر بەگ لە تۆڵەی ئەم کوڕەی ، مەفرەزەیەکی جاشە گیان لەسەر دەستەکانی دەنێرێ بۆ ڕانیەو بۆ گرتنی کوێخا ڕەسوڵ ، کوێخا ڕەسول دوکاندارێکی سیڤیل و بێ ئاگا لە هەموو شتێ لە ترسی جاشەکانی ئەنوەر بەگ ، ڕائەکاتە بارەگای حزبی بەعس ، بەلام جاشەکانی ئەنوەر بەگ لە ژوری بارەگای بەعس دەری ئەهێنن و ئەیبەن بۆ بێتواتە، بەبەر چاوی خەڵک و خوای ئەو ناوچەیە کوێخا ڕەسوڵ ئەسوێنن.

2

ئەمە بەسەرهاتی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، پاشان مام جەلالیش سەردانی ناوچەکەی کرد، ئاخر لای کەس شاراوە نیە ، ناوچەی بیتێۆن و پشدەر ، شوێنێکی ستراتیژیەو خەڵکێکی زۆری تیا

ئەژیت ئەبێ دەسەڵاتداران حسابێکی تایبەت و وردی بۆ بکەن، بۆئەوەی زۆرترین نفوز دەنگی خەڵک بەدەست بهێنن، نەک زۆرترین خزمەت گوزاری بۆ خەڵکی ناوچەکە دابین بکەن .
مام جەلالیش لە کاک مەسعود باشتری نەکرد، ئەویش گرە گڕ خۆی کرد بەماڵی برایم ئاغای ئامۆزای عەباس بایزی بکوژی شێخ حەمە ساڵح برای مام جەلال، خەڵکی ناوچەکە سەریان لەم کارەی مامە سوڕما..!!!! بەتایبەتی خەڵکی سەنگەسەر و کەسوو کاری قوربانیانی دەستی ئەم کۆنە جاشانە، لێرەش خەڵکەکە دابەش بوون بەسەر دوو ڕای جیا، هەندێکیان ئەم کارەیان بە سیاسەت لە قەڵەم ئەداو باقی زۆرینەی خەڵکیش بێزی لەم ڕەفتارەی مامە ئەکردەوە، بە ڕاست کوردستانێکی سەیرە گوڵم ، بەڵام هێندەش سەیرنا بۆ هەتا هەتایە سەرمان سوڕبمێنی..!!!

3

گەرمەی شەڕی نەگریسی ناوخۆ بوو، ساڵی 1994 تەنسیقی سەرەکی کۆنە موستەشارەکان و دەزگای موخابەراتی ڕژێمی بەعس ، کەسێک بوو بە ناوی محەمەد کاوانی، ناوبراو پەیوەندی کرد بوو بە یەکیەتی نیشتیمانی ، بە کۆمەڵێ بەڵگە نامەو دیکۆمێنتی گرنگەوە لە بەغدا ڕای کردو هاتەوە سلێمانی، لەبەرنامەیەکی دوو شەوی تەلەفزیۆنیدا هەرچی ژێر بەرە بوو هێنایە سەر بەرەو، ناوی هەموو ئەو کۆنە جاشانەی ئاشکرا کرد ، کە لەدوای 1991 یەکسەر پەیوەندیان کردبۆوە بە بەدەزگای موخابەراتی عێراقیەوە، ناوەکان زۆربوون ، ئەتوانم بڵێم نزیکەی هەموویان بوون، شەوی دوەمی چاو پێکەوتنەکە بە ڕێکەوت لە ماڵی کۆنە پێشمەرگەیەکی یەکیەتی بووم ، کە کۆمەڵی بەر پرسی حزبی و حکومی لێ بوو ( ببوورن ئەوسا حکومەت نەمابوو)، بۆ ڕەنگە ئێستا زۆر هەبێت ..!!!!
محەمەد کاوانی* یادی بەخێر کەوتە ناو خوێندنەوەی کۆنە جاشەکان و سەرە گەیشتە سەر برایم ئاغای ئامیر فەوج لای یەکیەتی، ئێمەی حازری ووتمان تەواو هەر ئەمشەو مەڵبەندی 8 ی ڕاپەڕین کە ئەو کاتە عمر فەتاح سەرپەرشتی ئەکرد، برایم ئاغا ئەگریت و هیچ نەبێ فەوجەکەی لێ ئەستێننەوەو تڕۆی ئەکەن. بەڵام کۆنە پێشمەرگەکەی کە ئێمە لە ماڵی بووین ، باشتر کاک عومەری ئەناسی و ووتی لەوانەیە ئەمشەو درەنگ بێ ، بەڵام بۆ بەیانی کاک عومەر ئەچێتە ماڵی برایم ئاغاو پێی ئەڵێ دڵ لە دڵ مەدە، ئەوەی ئەمشەو لەگەڵ تۆیان نەبووە، بۆ بەیانی چاوەڕێی هەڵوێستی کاک عومەرو تەلەفۆنی برادەرەکەم بووم ، باش بوو زۆرم چاوەڕێ نەکرد، کاک..... تەلەفۆنی بۆکردم و ووتی کاک عومەر لە سەنگەسەر گەڕایەوە لەماڵی برایم ئاغاو دڵنیای کردۆتەوە، ئەم قسانەی دوێنێ شەو هیچ قیمەتێکیان نیە، ناچار ئەبین بڵێین کاک عومەرێکی سەیرە گوڵم.
2007/06/15

---

*محەمەد کاوانی پاش ماوەیەکی کەم لە ئاشکرا کردنی پەیوەندی کۆنە جاشەکان هەر لە سلێمانی تیرۆریان کرد. یادت بەخێر کاک محەمەد ئێستا هەر کەرس باسیشت ناکات.